هێرشی کەس کوژراون و دیان کەسیش بریندارببوون لەچەند تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە نیجیریا

هێرشی شەممە، لانیکەم 18 کەس کوژراون و دیان کەسیش بریندارببوون لەچەند تەقینەوەیەکی خۆکوژیدا لە شاری گوزا لە ویلایەتی پورنە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی نیجیریا.

لە کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەسەرتادا بووە هۆی مردنی شەش کەس بەشداریان لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریان کردبوو، بەگوێرەی ڕاگەیاندراوی پۆلیسی وڵاتەکە.

وتەبێژی پۆلیسی ویلایەتی پورنە، ناهوم کەنەث ڕایگەیاند: خۆکوژێک کە مندااڵێکی هەڵگرتبوو تەقەمەنی لەنێو میوانی ئاهەنگێکدا تەقاندتەوە کە ئامادەی ئاهەنگی هاوسەرگیری بوون لەشاری گزا، وتیشی: تا ئێستا 18 کەس لە هێرشکاندا کوژراون، لەنێویاندا منداڵ، پیاو، ژن و ئافرەتی دووگیان و 19 قوربانی بە سەختی بریندار بوون.

لەکاتێکدا نوێژ بەسەر قوربانیانی هێرشی هاوسەرگیرییەکە دەکرا ئافرەتێکی تری خۆکوژ خۆی بەناو نوێژخوێنان تەقاندنەوە کە بووە هۆی کوژرانی 12 کەسی تر.